## سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ ئەمەریکا

# گەشتێکی دیپلۆماسی و سیاسی گرنگ

**خەبات- پەری عومەر**

سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی ئەمریکا، ڕووداوێکی سیاسی گرنگ بوو لە ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و ئێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە لەکاتێکی وا هەستیاردا سەرۆک بارزانی کەهەردەم لە پڕۆسەی ئاشتی و ئاوەدانی ئێراقدا ڕۆڵی کاراو حەکیمانەیان گێڕاوە بانگهێشت کردنی نیشانەی گرنگی هەرێمی کوردستان و سەرۆک بارزانی-یە لە ستراتیژییەتی کارە سیاسییەکانی ئەمەریکا بەتایبەت لە ئێستا کە لە ماوەیەکی نزیک لە ئاداری داهاتوودا ئێراق و هەرێمی کوردستان بە قۆناغی هەڵبژاردنەکاندا تێدەپەڕێت بۆ تاوتوێ کردنی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم و چەند باسێکی تر د.حوسێن تۆفیق ڕاگری کۆلیژی یاساو ڕامیاری- هەروەها مامۆستا عوسمان عەلی وەیسی لە کۆلیژی یاساو ڕامیاری هەروەها قوتابی دکتۆرا- هێنا ئاخافتن.

3

### سەرۆکی هەرێم ڕۆڵی کارای هەبووە لە ئاشتەوایی ئێراق

هەروەها مامۆستای زانکۆ لە کۆلیژی یاساو رامیاری و قوتابی دکتۆرا عوسمان عەلی وەیسی گوتی: سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەروەها ئەو بانگهێشت کردنە فەرمیەی سەرۆکی هەرێم لەلایەن سەرۆک ئۆباما جێگەی هەڵوەستەکردن و باسکردنە چونکە گرنگی کارەکانی ئەمەریکا لە ئێراق هەروەها هەرێمی کوردستانیش مانای ئەوە دەگەیێنێ کەوا هەرێمی کوردستان پێگەیەکی گرنگی هەیە لەدیدو بۆچوونی ئەمەریکییەکان، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکە سەرۆکی هەرێم بەپێی ئەوەی کەوا چ وەک کەس چ وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی کاراو بەرزی هەبووە لە مەسەلەکان وایکردووە تەنانەت سەرۆکی ئەمەریکا بەتێڕوانینی وردتر بڕوانێتە بابەتەکان، بۆیە بەباشی زانیوە گەورە بەرپرسانی ئێراقی ببینێ لەنێو ئەم دیدارانەدا سەرۆک بارزانی کەسایەتی سیاسی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێگەی گرنگە، کۆبوونەوەی ئەویش لەگەڵ بەرپرسانی، ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە جێگەی خۆشحاڵی و گەشبینی زیاترە، چونکە بەدڵنیاییەوە جەنابی سەرۆکی هەرێم باسکردنی پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێرو بەغدا بووەتە بەشێک لەدانیشتنەکانی لەگەڵ ئەوان چونکە هەمیشە لەو روانگە گرنگەی ناوچەکە چ بۆ ئەمەریکا چ بۆ ئێراق لەوەدایە کە ئاشتی و ئارامی بۆ ئێراق فەراهەم بکرێت گەلانی ئێراقی پاش ماوەیەک لە حوکمڕانی بەعسییەکان و دیکتاتۆریەتی سەدام حوسێن ئەوان چاوەڕێی حەسانەوەو ئاشتی دەکەن، ئەم ئاشتییە چۆن دەکرێت بێگومان بەهاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایەک دەکرێت، جەنابی سەرۆک ئەمڕۆ لە ئەمەریکا باس لە کێشەکان دەکات و باس لە هەڵوێستی سیاسیانەی خۆی و گەلەکەی دەکات و لە بەدیهێنانی ئاواتی خەڵکانی ئێراق کە بریتییە لە ئاشتی و هێمنی، بۆیە دەکرێت بگوترێت جەنابی سەرۆک لە هەر سەردانێکی دیکەی هاوشێوەی ئەم سەردانەی هەردەم لە هەوڵی چارەسەرکردن و لێکگەیشتندا بووە، بۆ بنبڕکردنی کێشەکان ئەمڕۆ لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەدا ئێراق گرنگە بەتایبەت ئەو ماوە بەهەستیارترین کاتدا تێپەڕ دەبێت کە بریتییە لەنزیکبوونەوە لە هەڵبژاردن، بۆیە هەموولاو هەموو جیهان چاوی بڕیوەتە ڕووداوەکانی و لەم کاتەشدا سەردانی جەنابی سەرۆک بۆتە مانشێتی بەرزی زۆربەی رۆژنامەکان کە درک بەو سەردانە گرنگەی سەرۆکی هەرێم کراوە لەکاتێکی وادا.

### هەرێمی کوردستان 90 هەزار کیلۆمەترە تەنها 45 هەزار کیلۆمەتری لەژێر دەسەڵاتی هەرێمە

هەروەها مامۆستا عوسمان عەلی مامۆستای کۆلیژی یاساو رامیاری ئاماژەیشیدا ئەو کێشە هەڵوسراوانەی کە کورد سەدەیەکە خەونیان پێ دەبینێ، راستە لەڕووی یاساییەوە چوارچێوەیەکی بۆ دانراوە، بەڵام لەڕووی جێبەجێ کردنەوە تووشی کۆمەڵێک کێشە بۆتەوە، لەم ڕووەوە سەرۆکی هەرێم پێویستی بەوە هەیە کەوا کورد و ئەویش لە هەردوو ڕووەوە پێویستمانە ستراتیژییەتی ئایندەی ئەمەریکا لەڕووی نەتەوەیەکەوە سوودێکی یاسایی هەیە هەروەها لەرێگەی سەرۆکێکەوە کە مافی هەڵبژاردنی هەیە و مافی ئەوەی هەیە بەرانبەر نەتەوەیەک قسە بکا، لەڕووی سەرجەم ئەو کێشانەش کە کورد سەدەیەکە پێیانەوە دەناڵێنێ تا ئێستا هەموویان وەکو خۆیان جێبەجێ نەکراون، ئەگەر کوردستان ڕووبەرەکەی 90 هەزار کیلۆمەترە تەنها نزیکەی 45 هەزار کیلۆمەتری لەژێر ئیدارەی شەرعی هەرێمی کوردستاندایە، خوێنی ئێمەش کە نەتەوەیەک و میللەتێکین کە تووشی جینۆساید و کۆمەڵکوژی و کیمیاباران هاتووین لەسەر خاک ئێمەش تووشی ئەم شتانە هاتووین ئایا لە هەزارەی سێیەمدا بەرەو کوێ دەچێ؟ بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوات؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن کە هەر تاکێک لە کورد بیری لێ دەکاتەوە.



## دەوڵەتی Google...

# ئیمپراتۆریەتێک هەڕەشە لە وڵاتە چەوسێنەرەکان دەکات

لە رۆژی ئەمرۆماندادەوڵەتی نەتەوەیی بە چەمکە تەقلیدیەکەیەوە (وەک جاران) تەنیا بریتی نیە لە یەکەیەکی سەرەکی نێو سیستمی نێودەوڵەتی، سیستمێک کە بەرژەوەندی و ئامانج و تواناکانی بتوانن هێڵە بنەڕەتیەکانی ئەو یەکەیە دەستنیشان بکەن،بەڵکو ئێستا رەهەند و سیماکانی نەخشەی سیاسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان ئاشکرا نابن ئەگەر باس لەو رۆڵە نەکرێ کە ژمارەیەک لایەنی نێودەوڵەتی (کە دەوڵەت نین)لەسەر گۆڕەپانی جیهانیدا دەیگێڕن،ئەو لایەنانەش بریتین لە کۆمەڵێک کۆمپانیا و دەستەی وەبەرهێنەری فرەڕەگەز و سنووربڕ.یەکێک لەو لایەنە زلانە،کۆمپانیای گووگڵی جیهانیە کە وەک ئیمپراتۆریەتێکی قەبە دێتە بەرچاو و رۆڵێکی هەمەلایەنە و کاریگەری هەیە.لەو بابەتەی خوارەوەدا کە لە ژمارە 11392ی رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەتدا بڵاو کراوەتەوە،بە وردی باس لە دەسەڵات و توانا و کاریگەری و سنوورەکانی کاری ئەو ئیمپراتۆریەتە کراوە.

**ئا:هەندرێن شێرزاد**

### گەڕان بەدوای هەموو شتێکدا

دەکرێ بوترێ گووکل سنوورەکانی دەوڵەتێکی ئاسایی بەزاندوون و بۆتە ئیمپراتۆریەتێکی سەربەخۆ، تەنانەت وای لێهاتووە خەڵک لە سەرتاسەری جیهاندالە بواری چالاکیەکانی رۆژانەی خۆیاندا نەتوانن دەسبەرداری بن،ئەمەش لە رێگەی کارکردن لە بواری گەڕان لە ئەنتەرنێت و جموجۆڵی پۆستی ئەلیکترۆنی و سەرجەم ئەو ئاگاداریانەی کە پەیوەستن بەو خزمەتگوزاریانەوە،تۆ ئەگەر مرۆڤێکی ئاسایی بیت و بخوازیت بەدوای بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی وەک ژنهێنان و شووکردن و چارەسەری نەخۆشی و جلوبەرگ و مۆدە و گۆرانی و ... تاد بگەڕێیت،بێگومان هەموویان لە گووگڵ دەدۆزیتەوە،ئەگەر بیزنسمان یان قوتابی بواری ئابووری و سیاسەت و هەر بوارێکی دیکەش بیت،ئەوەی مەبەستتە لەوێ دەیدۆزیەوە،بۆ ئەو مەبەستەش ئەرکی تۆ ئەوە دەبێ کە ئەو وشە و رستەیە بنووسیت کە بەدوایدا دەگەڕێیت،دواتر پەنجە لەسەر en-terدابگریت بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا برێکی لەبن نەهاتووی زانیاریت بکەوێتە بەرچاو.

### کەمتر لە نیو چرکە

گووگڵ جگە لەوەی گەورەترین ماڵپەڕی تایبەت بە گەڕانە لە سەرتاسەری جیهاندا،خێراترین و ئاسانترین رێگەشە بۆ دۆزینەوەی زانیاری لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتدا،ژمارەی ئەو لاپەڕانەی کە ئەم ماڵپەڕە تیایاندا دەگەڕێت زیاتر لە 1.3 ملیار لاپەڕەیە،لە ماوەی کەمتر لە نیو چرکەشدا زانیاری پێویست بە هەموو زمانەکانی جیهان دەخاتە بەردەستی بەکاربەران ،لەو بارەوە لەتوانایدا هەیە تەنیا لە رۆژێکدا زیاتر لە 100ملیۆن پرۆسەی گەڕان ئەنجام بدات،هەر ئەمەش وایکردووە کە ریزی پێشەوەی کۆمپانیا هاوشێوەکان داگیر بکات،لەو ڕووەوە لە ئابی ساڵی 2007دا راگەیەنرا کە گووگڵ رێژەی 53.6%ی بازاڕی سەرقاڵ کردووە، لە دوای ئەویش یاهوو بە رێژەی 19.9%ئینجا Live Searchبە رێژەی 12.9%ئەو مەسەلەیەش یەکێتی ئەوروپای ناچارکرد کە پلانێک رابگەیەنێ بۆ ئەوەی بەهۆیەوە رووبەڕووی گووگڵی ئەمەریکی ببێتەوە.

### بەیانی باش

محەمەد زیائی شارەزا لە بواری تەکنۆلۆژیای کۆمپیوتەر و پرۆگرامسازیی دووپاتی دەکاتەوە کە بەکارهێنانی ماڵپەڕی گووگڵ وەک درکاندنی وشەی بەیانی باشی لێهاتووە لە سەرەتای هەموو رۆژێکدا،سەرەتای کارەکانیشی بەو ماڵپەرە دەست پێدەکات،بە هیچ شێوەیەکیش مرۆڤ ناتوانێ دەسبەرداری بێ،زیائی پێی وایە نەوەک ماڵپەڕێکی گەڕان بەدوای زانیاریدا مامەڵە لەگەڵ گووگڵدا دەکات،بەڵکو جگە لەوە چەندین خزمەتگوزاریی دیکەی وەک پۆستی ئەلیکترۆنی و پاراستنی زانیاری و وەرگێڕانی راستەوخۆ و خزمەتگوزاریی هەواڵ دەخاتەروو،ئەمەش وا لە کەسی بەکاربەر دەکات کە دەسبەرداری ماڵپەڕەکانی دیکە بێ.ئەو شارەزایە دەڵێت: گرنگترین سیفەت کە وای لە گووگڵ کردووە کۆنترۆڵی جیهان بکات ئەوەیە کە زۆربەی خزمەتگوزاریەکانی بەبێ بەرامبەر پێشکەشی خەڵک دەکات،لەو حالەتەشدا مرۆڤ ناچار نابێ هەمان ئەو خزمەتگوزاریانە لە کۆمپانیاکانی دیکەی وەک مایکرۆسۆفت یان یاهوو بە پارە بکڕێ،ئەمەش بێگومان هەڕەشەیەکە بۆ سەر ئەوان و تا ئێستاش چەندین کێشەی یاسایی لێ کەوتۆتەوە.

### هەڕەشەیەک بۆ سەر چەوسێنەران

هەرچەندە گووگڵ دروشمێکی بەرز کردۆتەوە و تیایدا دەڵێت : سەرچاوەی ئازاری خەڵک مەبە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کۆمپانیایە بۆتە مایەی گەیاندنی زەرەرە و زیان وخولقاندنی چەندین کێشە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات،چونکە ئەو کۆمپانیایە لە رێگەی لێگەڕەکەیەوە ژمارەیەکی گەورەی ماڵپەڕ و بابەتی میدیایی وا بڵاودەکاتەوە کە لەلایەن ژمارەیەک وڵاتەوە قەدەغەکراون ،ئەمەش زیاتر وڵاتانی سۆسیالیستی یان ئەوانە دەگرێتەوە کە سانسۆر دەخەنە سەر ئازادیەکان،دواتر ئەو کۆمپانیایە زانیاری و ماڵپەڕەکان ئەرشیف دەکات،کێشەکانیش لێرەوە دەست پێدەکەن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە دوو دڵن لەوەی رێگە لە گووگڵ بگرن بەکاریان بهێنێ،بەو پێیەی ئەمە زەرەر و زیانێکی گەورە بە بەکاربەر و کۆمپانیاکان دەگەیەنێ،بەرچاوترین نموونەش کە ئاستی کاریگەریی نێودەوڵەتی گووگڵ دەردەخات،ئەو ناکۆکیەیە کە بەم دواییانە لە نێوان ئەو کۆمپانیایە و کۆماری چین سەری هەڵدا و مەسەلەکە گەیشتە ئاستێک کە ئەمەریکا بخزێتە ناویەوە.هاوکات لەگەڵ بڕیار گووگڵ دەربارەی نیەتی کشانەوەی لە بازاڕەکانی چیندا(لە کۆتایی 2009دا ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕی ئەنتەرنێت لە چین گەیشتە 384ملیۆن کەس ) بەهۆی ترسی ئەو سانسۆرەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەوە خراوەتە بەکاربەران و قەدەغەکردن و چاودێری خستنە سەر ژمارەیەک ماڵپەڕ و بەرتەسککردنەوەی دەرفەتەکانی سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزاریەکانی ئەو کۆمپانیایە.لەلایەن خۆیەوە گووگڵ ئاشکرای کرد کە بۆی دەرکەوتووە چەند لایەنێک خۆیان خزاندۆتە نێو حیسابی دەیان کەس لە بەکاربەرانی خزمەتگوزاریی پۆستی ئەلیکترۆنیGmail ئەوانەش کە بەم کارە هەڵساون کەسانێکی چالاکوانی چینین لە بواری مافەکانی مرۆڤدا و نیشتەجێی چین و ئەمەریکا و ئەوروپان.چینیش لە وەڵامی ئەو تۆمەتانەوە رایگەیاند کە ئامادە نیە بەوە رازی بێت بەکارهێنانی ئەنتەرنێت ببێتە مایەی بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و گەیاندنی زەرەر بە یەکێتی نیشتمانی و هاندانی رق و کینەی رەگەزی و بانگەشەکردن بۆ چەند تایەفەیەکی ئاینی و بڵاوکردنەوەی ناوەرۆکی سێکسی و پڕ لە توندوتیژی و تیرۆریستی.دەبێ ئەوەش بڵێین لە ماوەی چوار ساڵی کاری گووگڵدا لە چین ،ئەو کۆمپانیایە توانیویەتی کۆنترۆڵی 30%بازاڕی ئەو وڵاتە بکات لە بەرامبەر 61%ی کۆمپانیای بایدۆی چینیدا.

### لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ

لێرەوە پێویستە پوختەیەک دەربارەی سەرەتا و چۆنیەتی دامەزرانی ئەو کۆمپانیا زلە بخەینەروو:

* بارەگای سەرەکی گووگڵ لە شاری ماونتن فیوی ویلایەتی کالیفۆرنیایە و بیرۆکەی دامەزرانەکەی هی هەریەکە لە لاری بیدج و سیرجی بیرنە،هەردوو ناوبراو قوتابی زانکۆی ستانفۆرد بوون و لە کانوونی دووەمی ساڵی 1996دا پرۆژەیەکیان سەبارەت بە دامەزراندنی ئەو کۆمپانیایە پێشکەش کرد.
* لە 4ی ئەیلولی ساڵی 1998وەک کۆمپانیایەکی تایبەت دامەزرێنرا.
* لە 19ی ئابی 2004دا کۆمپانیای گووگڵ پشکەکانی خستنەروو و توانی سەرمایەکی گەورە بە بڕی 1.67بلیۆن دۆلاری ئەمەریکی کۆبکاتەوە.دواتر بەهای سەرمایەکەی گەیشتە 23بلیۆن دۆلار.
* ساڵی 2000گووگڵ دەستی بە فرۆشتنی ئاگاداریەکان کرد و سەرەتا نرخی هەر کلیککردنێک لەسەر ئاگاداری تەنیا 0.05 دۆلار بوو،دواتر پرۆسەکە پەرەی سەند تا وای لێهات رێژەی 99%ی داهاتەکانی لە بەرنامە ریکلامیەکان وەدەست بێنێ.
* ساڵی 2006کۆی داهاتەکانی گووگڵ لە بواری ریکلامداگەیشتە 10.492بلیۆن دۆلار، لە کاتێکدا کۆی داهاتی بوارەکانی دیکەی تەنیا 112ملیۆن دۆلار بوو.
* ئەگەرچی جیهانی وێب بابەتی سەرەکی گووگڵ بووە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی داوە خۆی بخزێنێتە نێو بازاڕی دیکەی وەک چاپەمەنی و بەرنامە رادیۆییەکان.
* ساڵی 2004گووگڵ توانی هەنگاوێکی گەورە بنێ لە بواری وێنەکێشانی گۆی زەوی لە رێگەی مانگە دەسکردەکانەوە،ئەوەبوو کۆمپانیای Keyhole Incکڕی،ئەو کۆمپانیایە پێشتر پەرەی بە پرۆگرامێک دابوو بە ناوی Earth Viewerگووگڵیش لە ساڵی 2005دا هەمان پرۆگرامی لە ژێر ناوی Google Earthپێشکەش کرد.
* هەر لە هەمان ساڵدا خزمەتگوزاریی پۆستی ئەلیکترۆنی بێ بەرامبەری Gmailی خستە روو.
* لە کۆتایی ساڵی 2006دا بە بڕی 1.65 بلیۆن دۆلار، ماڵپەڕی بەناوبانگی یوتیوبی کڕی کە تایبەت بوو بە فیلمە ڤیدیۆییەکان.
* لە 13ی نیسانی 2007دا کۆمپانیای Double Clickی بە 3.1بلیۆن دۆلار کڕی.
* لە 2ی تەمموزی 2007یش کۆمپانیای Grand Centralی بە 50ملیۆن دۆلار کڕی.هەروەها بەنیازی کڕینی چەند کۆمپانیایەکی تریشە.
* ئەم بەرفراوانبوونە ژمارەی کارمەندانی گووگڵی گەیاندۆتە 19835کەس.

### گووگڵ وەک مەترسیەک

بەرنامەی Google Earthکە لەلایەن کۆمپانیای ناوبراوەوە وەک خزمەتگوزاریەک خراوەتە بەر دەستی کەسی بەکاربەر و بە هۆیەوە مرۆڤ دەتوانێ سەیری هەر ناوچەیەکی سەر گۆی زەوی بکات،جۆرە مەترسیەکی سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوەیی لێ کەوتۆتەوە،هەروەها بەرنامەی کتێبی ئەلیکترۆنیش لەلایەن زۆر کەسەوە وەک مەترسیەک بۆ سەر میدیا بەگشتی وەسف دەکرێ ،لەو بارەوە دکتۆر مەحمود عالم، مامۆستای رۆژنامەگەری لە زانکۆی قاهیرە پێی وایە کە ئەگەرچی گووگڵ کاریگەریی گەورەی هەبووە لە بواری ئاسانکردنی بڵاوکردنەوەی زانیاریەکان، بەڵام ئەمە کۆمەڵێک کێشەی یاسایی و ئەخلاقی لێ کەوتۆتەوە ،بە تایبەتی لە بواری بڵاوکردنەوەی کتێب لە ئەنتەرنێتدا ، ئەمە زەرەرێکی گەورەی بە مافی نووسەران و خانەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە گەیاندووە ،لەوەش زیاتر ئەو کۆمپانیایە بۆتە مایەی مەترسی بۆ سەر میدیا بەگشتی ، چونکە ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشیان دەکات وا لە مرۆڤ دەکەن دەسبەرداری ماڵپەڕ و شێوازەکانی دیکەی راگەیاندن بێ.

### خزمەتکردنی جیهان

کۆمپانیای گووگڵ بەبەردەوامی رایدەگەیەنێ کە بە نیازی خزمەتکردنی هەموو جیهانە، لەمەشدا خۆی دەخاتە ریزی دەزگایەکی نێودەوڵەتی نا حکومی،لەو بارەشەوە چەند هەنگاوێکی ناوە،لە ساڵی 2004دا باڵێکی بە ناوی دەزگای Goo-gle.orgدامەزراندووە کە لە پێناوی خزمەتکردنی کۆمەڵگادا قازانج کۆدەکاتەوە،وەک سەرەتایەکیش بڕی بلیۆنێک دۆلاری وەک سەرمایە بۆ تەرخان کردووە ،مەبەستی سەرەکیش لەدوای دامەزراندنی ئەو دەزگایە هۆشیارکردنەوەی خەڵکە دەربارەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر کەشوهەوادا هاتوون و هەروەها بڵاوکردنەوەی زانیاری تایبەت بە تەندروستی گشتی و ئاستەکانی هەژاری.

